# تێڕوانینمان بۆ دیموكراس

ئەمڕۆ مەسەلەی دیموكراسی بۆتە دروشمێكی ژیانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و هەر كەسە بە گوێرەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە باسی لێوە دەكات و بە هاوچەرخانەی دەناسێنێ.

دیموكراسی بەرهەمی رەنج و خەباتی چەند سەدەی مرۆڤەو ئەمڕۆش لە قۆناغێكی پێگەیشتوودایە. بێگومان چینە چەوساوەو بندەستەكان قوربانیان بۆ داوەو بەرزیان راگرتووە، بەلام رژێمی بۆرژوازی و سەرمایەداری زیرەكانە،دەكاریان كردووەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان خەملاندوویانە، بە جۆرێكی ئەوتۆ پیادەیان كردووە كە بە منەتەوە چینەكانی دیكە پێی رازی بوونە، لە كاتێكدا ئەو مەرجانەی بۆیان دارشتووە خۆی لە خۆیدا نادیموكراسیەتێكی چاوبەستەبووە، تا ئەمڕۆش لە هەندێك سیستەمی بەناو دیموكراسی قەیدوشەرتی ئەتۆ لەبەردەم هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی دانراون كە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ چەمكە راستەقینەكەی نایەتەوە.

وشەی دیموكراسی، بە گوێرەی مانا یۆنانیەكەی دەستەلاتی گەل، یا دەستەلاتی خەلك دەگرێتەوە، تا ئێستاش بەو واتایە لێك دەدرێتەوە بەلام ئێمە پێمان وایە دیموكراسی هەرگیز دەستەلاتی تێكرای گەل نەبووەو نابێت. لەهەر حالەتێكدا لە دەستەلاتی زۆرینە تێپەڕ ناكات و ئەم زۆرینەیەش بە نوێنەرایەتی، ئەوسا لە بەرامبەر رای كەمایەتی حوكمرانی دەكات.

بۆیە ئێمە دیموكراسی بە نوێنەرایەتی دەستەلاتی زۆرینە دەناسین و هەر لەو سێبەرەشدا داهێنان و پێشكەوتن تا ئەندازەیەك دەئافرێ و بالا دەكات، هەروەها دیموكراسی پرنسیپێكی كۆكراوەی ئەوتۆیە كە تێیدا لە سایەی بالادەستی زۆرینە رای جیاواز دەسەلمێنرێ. جا ئەو پرنسیپە دەبێتە رژێمێكی ئیداری و سیاسی و تا رادەیەكیش دەتوانێت مرۆڤ ئاسودە و بەختیار بكات یاخود چینەكان بە رەزامەندی خۆیان دەتوانن دلخوازو نوێنەرانی خۆیان هەلبژێرین (ئەگەر چی لە هەندێ شوێندا مەرجەكانی هەلبژاردن ئەو رەزامەندیە دەسرێتەوەو لەكەداری دەكات.

ئێمە دیموكراسی بەو مانا بەربەرەڵلایە لێك نادەینەوە كە هەندێ حزب و لایەن لەژێر پەردەی بەناو دیموكراسیەت بە رۆژی روناك هەرچی بیانەوێ دەیكەن. بەلكو دیموكراسی لە بنەمای پرنسیپێكی بەها پیرۆزەكانی مرۆڤایەتی دەكار دەكرێ و لە باوەڕێكی رووتدا رەنگ رێژ نابێت، لە لایەكی دیكەشەوە دەبێ كالا بەقەد بالا بێت، بۆ نموونە نابێ لەگەڵ حزب و لایەنێك دیموكراسیانە رەفتار بكرێ، لە كاتێكدا بۆ خۆی لە رەفتارەكانی ئێستاو لە ئاواتەكانی داهاتوویدا باوەڕی بە دیموكراسی نییەو نابێت. بەو واتایەی دیموكراسی زەمینەی كاركردنی ئەوانە یەكە بۆ گەشەپێدانی لە تێكۆشان دان و نەكرێتە زەمینە بۆ ئەوانەی هەوای لێ هەلدەمژن و گۆڕیشی بۆ هەلدەكەنن . بە كورتی دیموكراسی لە كردارەكانی رۆژانەدا خۆی دەنوێنێ و لێك گێرانەوەیەكی راستەقینەی ئازادی دەخولقێنێ، هەر چۆن لەژێر سایەی نوێنەرانی دەستەلاتی زۆرینە ، پێویستە رێز لە رای كەمایەتی بگیرێ و پەرە بە داهێنانی بدرێت، ئاواش گەرەكە كەمایەتی بۆ هەلتەكاندنی دیموكراسی دەست بەكار نەبێت، بەلكو دەبێ تێكرای گەل باوەڕیان بەو چەمك و پرنسیپە هەبێ و بۆ پێشخستنی تێبكۆشن.

لە لایەكی دیكەشەوە ئەگەر چی دیموكراسی بواری ئەوە دەرەخسێنێ كە نوێنەرانی زۆرینەی كۆمەل بالادەست بن، بەلام مەرج نییە لە هەموو كاتێكدا رای ئەو زۆرینە بەراستی و لە بەرژەوەندی بالای گەل و ولات

دابێـت،لـەو روانگەیـەوە کەمایـەتی راو بۆچوونـی خـۆی دەپـارێزێو رەخنـەی توندیـش لـە رەفتـارو کـردارە نادروستەکانی بالاًدەستان دەگرێو رێگە بۆ دەستاو دەستکردنی حوکم خۆش دەکات.

ئێمە لە بنەمای رێکخستنی حزبدا پەیرەو لە ناوەندی دیموکراسی دەکەینو ، دەمانەوێ بەر لە هەرشتێ ئەو دیموکراسیە لـەنێو خـودی ژیـانی رۆژانـەماندا رەنـگ پـێ بدەینـەوە ، ئەوسـا لـە رەفتـارو کـرداردا گەشـەی پـێ بدەینو واتا راستەقینەکەی بۆ کۆمەڵ شێ بکەینەوەو زەمینەی بۆ خۆش بکەین .. چونکە بۆ پیادەکردنی دەبێ جەماوەر لە بنەماو چەمكو ئامانجەکانی هۆشیار بکرێنەوە. بە داخـەوە لـە وڵاتـی بندەسـتو داگیرکراوی ئێمـەدا نـەك دیموکراسـی پیـادە نـەکراوە بـەڵکو بوونیشـی یاسـاغو قەدەغـە بـووە، بۆیـە بـە بـڕوای ئێمـە بـۆ ناسـاندنو پەرەگرتنی دیموکراسی گەرەکـە شـێوە خـەباتێکی تایبـەتو شـێلگێرانە بـەرێوە بچێـت، چونکـە خـەباتی چـەندین سـاڵەی رابوردومـان زیـاتر بـە مەبەسـتی وەدەسـت هێنـانی مافـەکانی نەتـەوەییو ناسـاندنی کێشـەی گـەلو نیشتیمانەکەمان بوو.